


# وتوویژی خاتوو پەری کەریمی‌نیا لەگەڵ "گۆڤاری شۆڕش"

***ئەم وتوویژە زۆرێك لە پرس و کێشەکانی پێوەندی‌دار بە ژنان لە خۆدەگری، بەڵام چونکا خاتوو پەری کەریمی‌نیا وەك چیرۆك نووسێك ناسراوە بە باشمان زانی لەلاپەڕی ئەدەب و هونەردا بڵاوی کەینەوە***

**ئا/فەریبا محەمەدی**



***_ پەری خانم ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە لە دەیەی رابوردوودا بزووتنەوەی رۆشنبیری لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە گۆڕێ، بە شێوەیەك کە هەموو پانتایی ئەدەب و هونەر و نووسینی گرتۆتەوە، دەوری ژنانی کورد لەم بزاڤەدا چۆن دەبینی؟***

***پەری کەریمی‌نیا:*** پێشتر سوپاستان دەکەم کە ئەم هەلەتان بۆ رەخساندم. سەبارەت بە پرسیارەکەت، دەمەوێ لەو دەیەیەوە کە ئێوە باسی لێوە دەکەن مێژووەکە بەرمە دواوە. بزانین ژنان لە کەیەوە هاتوونەتە مەیدان. با بگەڕێمەو بۆ کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤هەتاوی‌دا لەو دەمەدا یەکێتی ژنانێك پێك هات کە مینا خانم بەرپرسی بوو. ئەمانە پشتیوانی کۆمارەکەیان دەکرد بۆ پتەو کردنی، واتە لە خزمەت کۆمارەکەدا بوون سرفی سرف و راستە یەکێتی ژنان بوو بەڵام کاری راستەو خۆی بۆ ژن نەدەکرد. ئەو یەکێتی‌یە هەر پاش کۆمار خەوت. لە کاتی شۆڕشی گەلاندا بینیمان کە ژنان دیسان هاتنەوە مەیدان. ئەمجارەشیان دیسانەوە هەر لە ناو رێکخستنە سیاسیەکاندا خەریکی کار و باری سیاسی بوون. دیسان ئەمانیش وەکوو ژنان کاریان دەکرد بەڵام لە بەرژەوەندی شۆڕش و سیاسەت دا. لێرە مەبەست ئەوە نییە کە نابێت کاری سیاسی بکرێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئێمە دێین رەوت و سەرهەڵدانی رەوتێك دەگێڕینەوە. ئەو مەحالە پاش شۆڕشی ٥٧ و شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عیراق ژن وەکوو هەوادار و وەکوو زیندانی سیاسی. وەکوو پێشمەرگە و ... هەر خەریکی کار بووە. ئیعدام دەکرا، شەهید دەبوو، چالاکی دەنواند، بەڵام هەربەو چەشنە. با ئاماژە بەمە بکەین کە ئەو زەروورەتە وردبوونەوە لە کێشەکان پێك دێنێت. لای ئێمە وا جێ کەوتووە کە دەبێ سەرەتا وڵات و نەتەوە رزگار بێت بۆ ئەوە کە بیر لە رزگاری نەتەوە بکەنەوە. دوای شەڕی ٨ ساڵە و چوونە دەرەوەی حیزبەکان لە ناوچەکە، بارودۆخەکە بە چەشنێکی تری لێهات. زۆر بە

زەقی جێی کار و باری سیاسی نەبوو شەڕ لە گۆڕێدا نەبوو، بە رواڵەت وڵات بەرەو ئارامی دەچوو و کەشێکی رۆشنبیری زاڵ بوو. کەشێك کە زۆربەی بەرپرسایەتی و ئەرکەکان گواستراییەوە بۆ ناو ئەو کەشە رۆشنبیرییە و لە ناو ئەدەبیاتدا جێی بۆ خۆی چێ کرد. واتە سەرەڕای ئەوەی کە تاقمی ژن خەرێکی کار و باری سیاسی و رزگاری نەتەوە بوو، تاقمێکیتریش لە رێی ئەدەبیاتەوە کاریان دەکرد و خەریکی چالاکی نواندن بوون و ئەدەبیات ئەو ئەرکەی خرایە سەرشان کە بڵندگۆی دەردەکان و کێشەکان بێت. لە ناو بابەتەکاندا بێجگە لە باسی نەتەوە و زوڵم و زۆر ژنان دەردەکانی خۆشیان ئاوێتەی بابەتەکان کرد.هەرچەندە ئەم تاقمە لە سەرەتاکانەوە زۆر دەگمەن بوون و ئێستا بەرەو زۆر بوون دەچن. رەوتەکە بەرەبەرە سەری هەڵدا.رەوتێك بە ناوی رەوتی ژنان. ژنان دەنگیان بەرز کردەوە. هەڵبەت باسی کێشەکانیان دەکرد و بە برینی خۆیانیان زانی. هەمووشمان دەزانین مرۆڤ تا هەست بە بوونی کێشە نەکات هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیشی نادات. هەر بۆیە ژنان لەم قۆناغە دا هاتن دەستیان بە ناسینی کێشەکانیان کرد و باسیان لە ئازارەکانییان کرد.لەم چەند ساڵەی رابوردوویشدا ژنان قۆناغی ئەدەبیاتیشیان بڕی و هاتنە مەیدانێکی عەمەلیترەوە. دەستیان کرد بە نووسین و ئەندێشەکانی خۆیان تێدا گونجاند. لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا لاپەرەیان بۆ خۆیان دەست نیشان کرد. گۆڤاریان دەرکرد. سەرەڕای هەموو ئەمانەش NGO یان دانا. چەندها NGO لە سەقز، سنە، بانە، مەریوان و شارەکانی تردا دامەزران و رەوتێك سەری هەڵدا و خۆی گرت کە ئەتوانیین دان بەوەدا بنێین کە رەوتی ژنانە. ئێستا با بچینە وە سەرپرسیارەکەی ئێوە کەدەوری ژنان لەم بزاڤە رۆشنبیرییەی دەیەی پێشوودا چی بووە؟ هەر چەندە تاقمی ژنی کارکەرمان لە چاو پیاوان زۆر کەمترە، بەڵام هەندێ ژن هاتوونەتە مەیدانی کارکردنەوە. بەڵام لە ناو ئەم ژنانە دا ژنە شاعیر رێژەیەکی یەکجار زۆری هەیە. چیرۆکنووس و رۆمانووس زۆر کەمترن لەشاعیر، بەڵام ئەو تاقمەی کە وتارو بابەتی فیکری دەنووسن رێژەیەکی زۆرکەمتریان هەیە. هەڵبەت هۆیشی هەیە، هەرە گرینگترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خوێندنەوە و...دوو دەقیقە خوێندنەوە لە رۆژدا کە ئامارەکەی هاتە دەرەوە چییە؟ هەموومان دەزانین ئەو خوێندنەوەیە ئاستی تێگەیشتن و دەست رۆیشتن و بیرو هزر دەباتە سەرەوە. ئێمە تەمبەڵین لە خوێندنەوەدا، خوێندنەوەی قووڵ و کارساز. دەوری ژنیش بە خوێندنەوە و کاریگەری دەست نیشان دەکرێ. من پێم وایە راستە تاقمێ ژن لە پانتاکە دان. بەڵام هێشتا زۆر بەکەمی و، سەختیشە بتوانی پەنجە بخەیتە سەر ژنێك وبڵێیت ئەم ژنە روو دەستی لە شیعر و چیرك و... نییە. با بڵێین ژنان جارێ خەریکی ئەزموون کردنن هێشتا نەبوونەتە دەنگی زۆر گەورە. زوویشە جارێ بۆ وەی قەزاوەت لە سەر ئەم دەیەیە بکەیت بۆ ئەدەبیات. بەڵام لە کاروباری ژنان ودەنگ هەڵبڕیندا هەموو ژنەکان بەشدارن و خەریکی ناسینی کێشە و ئازارەکانیانن. بە خۆشییەوە لەم دەیەدا دەتوانین ئەوە هەڵێنجین کە رەوتێکی ژنان بەڕێوەیە، رەوتێکی فێمینیستییە.



***_ئەمڕۆ دوو بۆچوونی ئەدەبی هەیە، بۆ چوونێك کە ئەدەبیات بە پێی دوو رەگەزی نێر و مێ دابەش دەکات و بۆ چوونیتر کە ئەدەبیات وەك ئەدەبیات دەبینێ، ئێوە وەك ژنێکی چیرۆکنووس کام باوەڕی ئەدەبیاتیتان قبووڵە؟***

***پەری کەریمی‌نیا:*** هەر دوو راکە جوانە. بەڵام با ئێمە پێشتر بزانین کام یەك لەم دوو رەوتە ها لە بەرژەوەندی ئێمەدا؟

دابەش کردنی ئەدەبیات بە ئەدەبیاتی پیاوانە وئەدەبیاتی ژنانە رەنگە لە بەرژەوەندی ئەدەبییاتدا نەبێت و جەوهەری ئەدەبیاتیش هەلگری ئەمە نەبێت و بانگەشەی مەرگی نووسەر بکات. و نووسەر بۆ خۆی ببێتە خوێنەرێك بەڵام ئەمە بۆ ئێمە ئەشێت؟ ئایا زمانەکەمان ئەو بارە پیاوسالارانەی کە زاڵە بە سەریدا لای بردووە؟ ئایا ئەوەندە نووسەری قەویمان هەیە کە بەرهەمەکان بداتە بەر رەخنە و بۆچوونە پیاوسالاراکانیان زەق کاتەوە؟ ئایا ئالتێرناتیڤێکی باشترمان بە دەستەوەیە لە هەنووکەدا بێجگە لە ئەدەبیات کە ئێمە دەسەڵاتدار ببین تێیدا و ئەدەبیات نەکەینە دارە دەست بۆ دەربڕینی قسەکانمان؟

بۆ نموونە ئێمە هێشتا هیچ دەسەڵاتێکمان لە خۆمان نییە کە بانگەشەی لاچوونی ئەو ئایینە چڕ و تەنگەمان بۆ بکات. تۆ ئەبینی تاقمێ فێمینیزم لە ئێران دا هەن کە کاتێ بەو تێگەیشتنە گەیشتن کە بە زەقی داواکردنی ماف ژنان لەچوار چێوەی ئایین و کۆماری ئیسلامیدا نییە و وێنەی ئەوان بۆ ژن فاتمیەی زەهرایە و لەو چاکتری دەست ناکەوێ.فاتیمەیەك کە خۆی ئەو پەڕی زوڵمی لێ چووە. هاتن دزە ڕێگایەکیان دۆزییەوە. بەڵام دزە ڕێگایەکی زۆر دژوار و زۆر سەخت. تا ئەو شوێنەی زۆربەی ئەو ژنانە بەو دەر ئەنجامە گەیشتن کە ئەبێ موجتەهیدێکی ژنانیان هەبێت ویا لە دەرەوەڕا لە لایەن وڵاتانی دییەوە گوشار بخرێتە سەریان. بۆیە تۆ ئەبینی ئێستا لە ئێراندا زۆربەی کێشەکانی ژنان بەرز دەکرێتەوە بۆ گوێی جیهانیان. خەریکی پڕو پاگەندەن. بێجگە لەم تاقمەش کە باسمان کرد لە ئێراندا دوو تاقمی تریش هەن کە تاقمێکیان دەربەست لە خزمەت دەوڵەتدان. ئەمانە پڕو پاگەندە بۆ ئەو ژنەی کە ئەو دەیهەوێ، دەکەن. تاقمێکیتر لە مان سەرووتر دەکەون و بەوە رازی نین کە بەس ژن لە چوارچێوەی ئێراندا جووان بکرێت. ژنێکی موسلمانی موحەجەبە. بۆیە دێن هەندێك پێوەری جیهانیش وەردەگرن و لەناو ئێراندا پیادەی دەکەن وەکوو: سوار بوونی دووچەرخە یاخود وەرزش کردن بۆ ژنان و... و بەمەوە دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە ژن لەم چوارچێوەیەدا هیچ کێشەیەکی نییە و ئەوەتا خەریکی چالاکییە. ئەمە لە رووالەتدایە، ناوئاخنی کێشەکە وانییە. با ژن سواری دووچەرخە بێت، بەڵام ئایا دەتوانێ هەموو وەرزشەکان ئەنجام بدات ویا لە شوێنێکی کراوەدا ئەم کارە بکات و یا بچێت بۆ وڵاتانی بێجگە ئیسلامی بۆ کێبەرکێ؟ نا. کەواتە ئەم ژنانەش هەر سەر کەوتوو نین ... چوونکە هەر لە لایەن ئەو دەوڵەتەی کەئەمان دەیانەوێ رووالەتی جوان بکەن تووشی کێشە دەبن. تاقمەکەی تریشان کە پێشتر باسمان کرد. بەڵام بێجگە لەهەمووی ئەمانە ژنانێکی سەرەڕۆ و چالاکتر و بزۆزتر هەن کە بە کاری هیچ یەك لەو سێ تاقمەی پێشوو رازی نین و بە کەمی دادەنێن و لە بواری تردا کردەوە دەنوێنن.



کە واتە ئێمە وەکوو وڵاتانیتریش نین. ئەوان کە دێن بانگەشەی مەرگی نووسەر دەکەن بزووتنەوە فێمینیستیەکەیان لە سەرەتا نییە و ساواش نییە. فێمینیزم لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا خەریکە باوی نامێنێ.پیاوان دژیان دەوەستنەوە کە زوڵمیان لێدەچێ، کە وابوو بانگەشەیتر دێتە ئاراوە: بانگەشەی ئینسانی وشیار و تێگەیشتوو.بەڵام کوا ئەوشتە لای ئێمە رووی داوە

کە بابەتەکانمان بە تاڵ بێ لە پیاوانە بوون و ژنانە بوون. من پێم وایە هەرکاتێ ئەدەبیات وەك ئەدەبیات چاوی لێکرا و پارێزرا لە رەساڵەت ئەو دەم دەتوانین باس لە ئەدەبیات وەك ئەدەب بکەین.

*_فێمینیزمی ئەدەبی یان ئەدەبی فێمینیزمی رەوتێکە کە لە رۆژئاوا و تەنانەت بەشێك لە نووسینەکانی رۆژهەڵاتیشدا رەنگی داوەتەوە، بۆ وێنە نووسەرانێکی وەك ئۆریانا ڤالاچی، مارگێت دۆراس و فرووغی فەروخزاد لەو نووسەرانەن کە نووسینەکانیان رەنگ و بۆیەکی فێمینیستیانەی هەیە، ئەم رەوتە تا چەند توانیویەتی لە لای ئێمە جێگەی خۆی بکاتەوە؟*

*پەری کەریمی‌نیا:* لە پرسیارەکانی پێشووتردا ئەمەمان بە جوانی روون کردەوە کە ئەدەبیات لای ئێمە وەکوو رەساڵەت چاوی لێدەکرێ. کەواتە کە وەکوو رەساڵەت چاوی لێکرا بێگومان هەڵگری ئەو بارەی کە ئێوەش باستان لێوە کردووە، هەیە. بەڵام من دەمەوێ لێرەدا شتێك بڵێم: من گومانم لە خودی رەنگ و بۆیەکی فێمێنستانەی کە باسی لێوە دەکرێ هەیە. لای ئێمە بەرهەم بێجگە لە ناوی نووسەرەکەی کە ژنە ئەگەر نووسێنێك باسی کێشە و ئازارەکانی ژنی کرد دەست بە جێ دەڵێن: بابەتێکی فێمێنیستیە. ئەوە نییە کە باسی ژنی تێدایە. بەڵام ئەمە هەرخۆی،خۆی رەت دەکاتەوە. هەر بابەتێك باسی ئێش و ئازارەکانی ژنی تێدا کراو رستەکانی درێژتر بوو و زۆرتر دەروونی بوو وەیان زیاتر شی کرابوویەوە و کەمتر باسی قەبەی تێدا کرابوو بە بابەتێکی فێمینیتسی دانان هەڵەیە. من لە سەرەتا دا ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم: ئایا ئەمە بابەتی فێمینیستییە؟ ئەدەبی فێمێنستی ئەمەیە؟ نا. ئێمە هێشتا پێناسەی فێمێنزممان لای خۆمان نەکردووە وە یان بە سەقەتی کردوومانە. زمانی فێمینزمی یانی چی؟ ئەدەبی فێمینیستی یانی چی؟ من لێرەدا هەست بە قەیرانێك دەکەم. ئێمە دەزانین چیمان ناوێ، بەڵام نازانین چیمان دەوێ. رەوتێك پێك هاتووە هەرخەریکی رەت کردنەوەیە، بە خراپ زانینە و یا بە قەولی هاوڕێیەکمان هەر خەریکی بە فریشتە دانانی ژن و بە دێوەزمە لە بەرچاو گرتنی پیاوە.من ئەمانە بە ئەدەبی فێمێنیستی نازانم من دەمەوێ سەرەتا پێناسەی ئەو شتەی کەدەمەوێ بیکەم هەوڵی بۆ ئەدەم بیناسم. لە لای خۆم پێناسەی بکەم. با بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە: سالی ٧٩ لە کۆڕێك دا چیرۆکی بیری خوا و جغارەکانم خوێندەوە. پیاوێکی شاعیر هەستاو دەستی کرد بە رەخنە گرتن. ئەو هەمووە قسەی کرد من تا دوا رستە هەر نەمزانی مەبەستی چییە دوا رستەکەی ئاوا تەواو کرد: پەری خان بابەتی قەبە و زل بۆ ژن نەهاتووە. ئێوە ئەبێ لە سەر کێشەکانی ژنان بنووسن؟ (جێی پێکەنین و سەرسووڕمانە بابەتی قەبە و زل یانی چی؟ بۆ قەدەغە کراوە کە ژن چی بنووسێ و پیاو چی نەنووسێ). ئەوەتا باسی ئەدەبی پیاوانە و ژنانەی بێ پێناسە.ئەگەر پێناسە هەبوو و زانیمان و ناسیمان هەر ئەدەبیاتێك کە باسی ئازاری ژنی تێدا کرابوو نابێتە ئەدەبی ژنانە و ئەدەبی فێمێنستانە.

*_ئێوە وەك کەسێك کە جگە لە بواری ئەدەبی و لە بواری نووسینی ژنانەشدا چالاکیتان هەیە، بە رای ئێوە ژنی کورد چەندە توانیویەتی مافە رەواکانی خۆی بە دەست بهێنێ و بەرهەڵستی کۆمەڵگای پیاوسالاری ببێتەوە؟*

پەری کەریمی‌نیا: پێم خۆشە پێش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەم کە: لە راستیدا ئەوە ژنانی کورد بوون کە ئەم کەمە مافەی کە هەیانە بۆ خۆیان وەریان گرتووە وە یان نا کارتێکردنی شۆڕشە فێمینیستیەکان دەسەڵاتی ئێمە، شۆڕشی پیشەسازی، هەبوونی کۆمەڵگای مۆدێرنی دەرەوەی ئێمە و ...بووە؟ بەڕای من پەنجەی ژنی خۆمانی زۆر کەم پێوە دیارە. ئێمە زۆرتر کۆمەڵگایەکی مشە خۆرین. لە دەرەوە بیرمان بۆ دەکەنەوە. لە

دەرەوە شمەکمان بۆ دروست دەکەن، لە دەرەوە گەنجەکانمان پێدەگەیەنن و...واتە زۆربەی هەرزۆری شتەکان لە دەرەوەی ئێمەدا روودەدا، هێشتا لە ناو خۆماندا پراکتیزە نەبوونەتەوە، لەوێ بیر لە توند و تیژی دژی ژنان دەکرێتەوە، ماوەیەکی پێدەچێ کە ئێمەش بەو تیۆرەی ئەوان بیری لێ دەکەینەوە، هەلومەرجەکانی ژیانی ئێمە و ئەوان تارادەیەکی زۆر جیاوازە. ئەوان ئەگەر دژی توند و تیژی بیرۆکەیەکیان هەبوو بە سەر دەوڵەتی‌دا دەسەپێنن. بەڵام ئێمە بە سەر کێیدا دەسەپێنین، بەسەر کامە دەوڵەتدا؟ بە سەرکام خەڵکدا؟ من بەو دەرەنجامە گەیشتووم کە لای ئێمە کاری روونـاکبیر و ئاگادار کردنـەوە و شۆڕشی بەردەوامی ئین جی ئۆ و ... مافی ژن بـە باشـی وەرناگیردرێت. ئـەو هـەموو بابەتـە دەنووسـرێت بەداخـەوە زۆرتـر ئەوە هەر نووسەرانی ئەو پانتایەن کە دەیخوێننەوە. هەرخۆیان مشت و مڕی زۆرتری لە سەر دەکەن. کەواتـە نووسـین بـە هۆی کـەمی دەرفـەت، نەخوێنـدەواری، بڕوانـەبوون بـە کـار وبـاری فێمێنیسـتی و ژنانـە و... ئـەو کارتێکەریـەی نییـە. بـا بیرەوەرییکتان بۆ بگێڕمەوە: ئێمە هەمووان دەزانـین کـە لـە کـاتی شۆفێری‌دا کەمەربەنـد بەسـتن بێجگـە لـەوەی ئـەمرێکی ئاساییە و دەبێ جێبەجێ بکرێ، گیانی شۆفێرەکەش دەپارێزێ. چەند پرۆگرام بۆ ئەم کارە کرا، چـەند خـەڵکی لـە باشـی و خراپیەکانی ئاگادار کردەوە، بەڵام تاکەسێ دەیبەست هەزار نەیدەبەست. بەیانیـەکیان هاتمـە دەر. شـتێکی زۆر سـەیرم دیـت هەمووشۆفێرەکان کەمەربەندیان بەستبوو. زۆر زۆرم پێ سەیر بوو.چی بووە؟ ئەو خەڵکە بۆ کەمەربەندیان بەستووە؟ کـە دوایی زانیم بڕیار دەرچووە هەرکەسێك کەمەربەند نەبەستێ تووشی سزا دەبێ. ئەم خەڵك پێیان وایـە ئەگـەر کەمەربەنـد نەبەستن ئازایەتیان کردووە و یان یاسایان فریو داوە و توانیویانـە پـۆلیس بخەڵـەتێنن. کەواتـە کـار و بـاری مـافی ژنـانیش هەربەوە چەشنەیە. دەبێ توند و تیژی بە توند و تیـژی وەڵام بدرێتـەوە. کـاتی ئەوەنییـە بەرامبـەر خراپـی وەڵامـی چاکە بدرێتەوە. دەبێ بڕیـار دەرچێت. بـۆ نموونـە: لێـدان قەدەغەیـە، هەرکەسـە ئـەو کارەی کـرد سـزای تـووش دەبـێ و .... زۆر درەنگە بۆ شۆڕشێکیتر. کۆمەڵگاکەمان بە لێشاو بیرو باوەڕی نـوێ دەڕژێتـە سـەریدا. بمانـەوێ و نەمانـەوێ لـە بـەردەم ئـەم شۆڕشەدا قەرارمان گرتووە. بمانەوێ و نەمانـەوێ لـە شمەکـەکانی ئـەو کۆمـەڵگا مۆدێڕنـە کـەڵك وەردەگـرین. بـەڵام کـەڵکی خراپ. رۆژ نییە لە رۆژنامە، لە تەلەفیزیۆن و... نەخوێندرێتەوە کە کچێك لە سەر موبایلێك کوژرا کە تەلەفۆن کرا. ئەگەر ئەو بە قسەی نـەکرد زوو سـرنج دەگوازرێتـەوە بـۆ مێیینـە. ئـامێری جل شـتن لـە ماڵەکانـدا زۆرە، بـەڵام زۆر ژن بـە کـاری ناهێنێ، بۆ؟ دەڵێن خراپ دەبێ؟! کەواتە لە ئاوا کۆمەڵگایەکدا کە زۆربەی شتەکان لێکدانەوەی خراپی لە سەر دەکرێ.

***_کاریگەری حیزبە کوردستانییەکان و بە تایبەت کۆمەڵە لە کوردستانی ئێران لە بواری گەشە و بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

پەری کەریمی‌نیا: حیزبەکان کاری زۆر قورسیان لە سەرشانە. ژنانی ناو حیزبەکانیش هەروا. هەر چەند کارێکی وا بە رای من هەوڵێکی زۆر زیاتری دەوێ. ژن بێجگە لـە شـەڕی نەتەوایـەتی ئـەرکی شـەڕی مافـەکانی خۆیشی لەبـەرە. بۆیـە تـەواوی ژنەکان دەبێ ئەم ئەرکە بە جێ بێنن. بە هۆی ئەوەوە کە حیزبەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە نـا خـەڵکانی خۆیـان دا ناژین نەیانتوانیوە کارێکی کاریگەری وا بکەن. سایتەکان فیلتری لە سەرە. رۆژنامە و بڵاوکـراوە حیزبیـەکان بـە بـەرفراوانی ناکەونە دەست ژنـان وە بـە تایبـەتی. لـە لایـەن کۆمـاری ئیسلامییەوە زەختێکی زۆریـان لـە سـەرە بـەڵام سـەرەڕای هـەموو ئەمانەیش کار دەکرێ هەرچەندە چڕ و پڕییەکەیشی سەقەت بێ.

**پەری خانم زۆر سپاس.**

**_سپاس بۆ ئێوەش. بە هیوای سەرکەوتنتان.**